www.kurdistannet.org
5-2-2006 13:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەساڵیادی شەهیدی سەرکردە شەوکەتی حاجی مشیر ... حاجی قادر نەمەڵی

هەندێکجار مروڤ زاتی ئەوە دەکات لەژیانی کەڵەپیاوان و قارەمانانی هەڵکەوتووی میللەت بدوێت یان بنوسێت ئەکەوێتە بەردەم کارێکی دژوار و سامناك چونکە بەم هەنگاوە خوێ ئەدات لەقەرەی مێژووی خەباتی تێکۆشەرێك کەدرێژایی تەمەنی لەخۆشی و ناخۆشی و هەوراز و نشێوی پڕ لەگێروگرفت و میحنەتی بردوتە سەر و تەواو کردووە. بۆیە نوسین لەسەر مێژووی پڕلەشانازی و فیداکاری و کەڵە پیاوێکی وەك (کاك شەوکەتی حاجی مشیر) و بەم هەموو چڕ و پڕییەوە کارێکی ئاسان نیە کەلەوباوەڕەدام کەبەپڕکردنەوەی چەند لاپەڕەیەك تەواو نابێت بەڵکو چەند کتێبێکی ئەوێت کەهەموونهێنیەکانی بۆبخاتە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵك بەدوێست وناحەزانیشەوە.

رۆژگارو ڕوبەڕوبونەوەی ڕوداو و کارەسات و گۆڕانکاریەکاندا و لەهەل ومەرجە جیاوازەکاندا لەبوتەی کاریگەری هەڵچون و داچونەکاندا وەکو چوَن هەرگوَران و گەشەکردنێك هەر نوچدان و پاشەکشەیەك کۆمەڵێك دروشم و شتی تازە ئاکار و بابەت لەگەڵ خۆیاندا ئەهێنن و لەناو خەڵکیدا سەرهەڵئەدەن و ڕەفتاریان لەگەڵدا ئەکرێت ئاوهاش لەناوجەرگەی خودی خەڵکەکەیشەوە کەسانێك چەکەرە ئەکەن وردە وردە لەگەڵ ڕوداوەکاندا کار ئەکەن و سەلیقەی خۆیان و دەوروبەر ئەکەنە چەمکی بیر و کرداریان و پەروەردە ئەبن و ئەخەمڵێن یان بەپاشماوە لەباو و باپیر و هوَز و عەشیرەتەوە بۆیان ئەمێنێتەوە یان لەڕیفراندوَمێکدا سەرئەکەون یان بەزوَری هێز و لەکردەوەیەکی سەربازی و داگیرکردندا زاڵئەبن ئیتر لەناو ئەو هەموو گوَران و گێرمەو کێشەیەدا لەڕیزەکانی جەماوەر و ناوەندە دەوڵتییەکان و لەناو شوَڕش و حیزب و سەندیکاکاندا بەجیاوازی ڕادەی لێزانین و تێگەیشتن و ئازایەتی و دڵسوَزییەوە سەرکردەکان سەر هەڵئەدەن و ئەسپی خۆیان لەبوارەکانی کارەکانیاندا تاو ئەدەن.

شەهیدی سەرکردە و پەرلەمانتاری بەتوانا و پێشمەرگەی ماندونەناس و شوَڕە سواری ئێلی جاف شەهیدی نەمر (کاك شەوکەتی حاجی مشیر) . لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شوَڕشی نوێی گەلەکەشماندایەکێك بووە لەو سەرکردانەی پێش دانە شاخی دەستەی سەرەتایی بووە و ئاگاداری هەموو کەین و بەینێك بووە. پەیوەندی توند و توڵی لەگەڵ سەرجەم تێکۆشەرە دێرین و دڵسوَزەکاندا توند و توڵ کردبوو هانی دەدان خوَ سازبدەن بوَشوَڕشی نوێ و خوَشی لەپوڵی پێشەوەی ئەوکەسەنیشتمانپەروەرانە بوو کەبەرەوبناری سورێن و هەورامان هەڵفڕی و پاڵەوانی هەڵگیرسانەوەی شوَڕشی نوێی کوردایەتی بوو. بەڵام سەد داخ و مەخابن ئەونەمرە لەپیلانێکی دارێشراو و بەرنامە ڕێژیدا لەشەوی 2003/2/8 بەدەستی کوَمەڵە کەسانێکی لەخوا بەدور و ویژدان فروَشدا شەهید کرا لەگەڵ چەند هاوڕێ و هاوسەنگەریدا لەگوندی گامێش تەپە سەر بەسنوری شاروَچکەی سەیدسادق لەشارەزوور شەهیدی نەمر هەمیشە لەپێناو ئازادی و سەرفرازی و یەکڕیزی و پێکەوە ژیان کوَششی کردووە و بەبەردەوامی بوَیە کە هەقە یادی ئەم کەڵەشەهیدانە لەبیرنەکرێت و هەمیشە لەیادی خەڵکانی نیشتمان پەروەر و ویژدان دوَستاندا ناو ببرێن لەکوَتایدا سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین بوَ کڵکوَی شەهیدی نەمرو هاوڕێیانی و هاوسەنگەرانی دڵنیاشی دەکەین کەهاوڕێ و هەڤاڵانی هاورێبازەکەی هەر لەسەر هەمان شێوە درێژە پێدەری خەباتەکەی دەبین بوَ بەدیهێنانی لەدوا وتەشماندا پێی دەڵێین برای سەرکردە ماڵئاوا.